# دەم

**شوان حەمە**
2005

ئەی دەم
لەتۆدا چەند جوان بوون ئەو ئێوارە شینانەی
چاویان پڕدەکرد لە والآیی.

لەتۆدا چەندجوان بوون ئەی دەم
ئەو وەرزە خۆشئامێزانەی
عەشقو خەون دوانەی یەک ئارەزوو بوون
وە من بە هەموو تەوژمەکانی خۆمەوە دەرژامە یارەوە.
دەمێک ئەی دەم
ژیان هۆیەک بوو بۆ هاتنەدی خەونەکان
وە دڵ گەیشتبووە دواترین پلەی کەماڵ.
ئەو ڕۆژگارە خۆشانەی ..
بەدەم فیکەلێدانەوە
پڕشنگی بەختەوەری خۆم دەگرتە چاوی قەدەر،
وە بەخەندەی لێو پێمدەوت:
زەوی هێندەی هێز پێماوە، خەونەکانی منیش لەگەڵ خۆی هەڵگرێ...
پێمدەوت: بڕوانە..
چە ند فراوانە ئەم ڕژانەی من.

ئەی یار
لەتۆدا چەند جوان بوو ڕاستیی
کاتێک بە چاوی سۆزەوە
لەساتە سەختەکانی ڕابردووت دەڕوانی،
ئەمێستاکانت لە کاخەزی ڕەنگاوڕنگ دەپێچا
تا دیاریی بکەیت بەو ئایندە نادیارانەی
ساتێکیتر دەگەنەجێ..
دووساتیتر تێدەپەڕن.

من چەند دڵنیابووم ئەی یار
ئەو ڕۆژانەی تۆو خەونو دڵ
لە سێ باڵندەی ڕەنگینو دەنگخۆش دەچوون،
بەسەر پشتی کەرکەدەنێکی بەختەوەرەوە.
ئەو ڕۆژانەی..
من وەک کۆڵکێشێکی عەشق،
نیازمبوو تۆو خەونو دڵ، بگەیەنمە دواکەنارەکانی ناکۆتایی.

تەنگانەبوو ئەی یار
تەنگانەبوو ئەو دەمەی
تۆ تاکترین پەنجەرەی کراوەی من بوویت.
ئەو دەمەی تۆ
لە دواترین هێڵەکانی تێکشکاندا
دواپەناگەی نهێنیو
تەنیاترین بەڵگەی بوون بوویت.

من ترسام ئەی یار، من ترسام
ئەو دەمە بێڕەنگەی
بە سەرسامیەوە لە بەردەم هێزێکی نادیاردا ناچاربووم بڵێم: ئەم ڕامان ـ ەم قبوڵە.
ئەو ساتەخۆڵەمێشییەی کەوتمەسەرچۆکـو پێموتیت:
بەسەرچوو ئەی یار، بەسەرچوو...
ئیدی ناتوانم بە چاوی بزو سمێڵی قنجەوە
سەررێگاکانی تۆ بگرم.
ئیدی ناتوانم لەگەڵ بادانی تەزبیحی مورو مەڕمەڕیو هەوای گۆراییەکی چەپیی،
سەررێگاکانی تۆ بگرم.
بەسینگی دەرپەڕیوەوە، بێباکـ لەجەنگەبێنەخشەکان،
سەررێگاکانی تۆ بگرم.
تێپەڕی دەمێک من هێزو من ڕووناکیو من ڕاستیی بووم.
بەسەرچوو ئەی یار بەسەرچوو..
ئیدی نە" کوڵمی گەشوئاڵ" نە "لاملی وا جوانوکاڵ"
جارێکیدی ڕاپێچی عەشقم ناکەنەوە.
وە سیحری چاوی جوان ـ ئیدی تیلەی چاوم نافڕێنێ.

ترسام ئەی یار، من ترسام...
ترسام لە باڵاکردن..
دەمێک زانیم، ئیدی ئەستەمە لەقۆزاخەی عەشقی تۆدا جێمبێتەوە.
ترسام ئەودەمەی قورسبووم بەگەردگەلێک، لە نادیارەوە نیشتنە سەر ڕۆحم.
ئەودەمەی ژێیەکی خەمهێنەر تێکەڵ بە دەنگم بوو.
ئەودەمەی ڕەنگی گومان لە ڕوانینم نیشت.
ئەو دەمەی هەستمکرد، کۆتاییەکـ لەنادیارێکی قوڵەوە کەوتۆتەڕێ.
ئەودەمەی لەبانگکردنێکی نوێدا بەخۆم وت: ئەی خاو..
ئەودەمەی بەتەوسەوە بەدڵدارانم وت: مەستان.. خۆشی لەخۆتان!
ئەودەمەی لەگەرمەی کۆڕی ئاشنایاندا، گۆرانییو چەپڵەم پێبڕینو پێموتن:
ئەی ئاشنایان، من چەند بێگانەو تەنیام.

تراسام لە جودابون...
ئەو دەمەی وەک پێغەمبەرێک
بەرلەوەی ماڵئاوایی لە کۆیلە دڵودەروونپاکەکان بکەم
گومانم لە هەموو شتەکانی ژێرهەتاو کردو
لە خەتکێشی بازنەییەی خودا چوومەدەر
جودام ئەی دەم...
جوداتر لە شەمشەمەکوێرەیەک
دەمی بەیان، نایەوێت تاڵەجێماوەکانی تاریکیی جێبێڵێ.
جوداتر لە کرمی هێلکەشەیتانۆکە.
جوداتر لە جاڵجاڵۆکەی بنمیچی باڵەخانەیەک.
جوداتر لە بۆقێک، ناچێتەوە سەر تەڕایی.
جوداتر لە قوڵینگێکی دابڕاو.
جوداتر لە کەنارییەکی پیری هەرگیز نەفڕیو.
جودام ئەی دەم...
جوداتر لە کوڕانی گەڕەک.
جوداتر لە ئاڵاهەڵگرێک، سرود نازانێ.
جوداتر لە گەمیەوانێکی تەنیا.
جوداتر لە غەریبێ.. بارمتەی نهێنیەکانی خۆیەتی.
جوداتر لە عاریفێک، بە جیهان پێدەکەنێ.
جوداتر لەو شاعیرەی.. گرمۆڵە لەناومشتی قەدەردا بەنادیارـ ی دەوت:
***دووسەدجار وەزعی چەرخی ئاسمان گۆڕا بە سەعدو شووم***
***ستارەی نەحسی سالم بوو، لە قەرنێکا نەبوو ئاوا.***

جودام ئەی دەم، من جودام ـ جوداتر لە خۆم.

ئەی دەم
لەتۆدا چەند ماتە ئەم تێپەڕبوونە...
ئەم ساتەوەختەی ئەمێستا دەگاتەلام ـ ئەو ساتەوەختەی هەنووکە تێپەڕی...
من چیملێهاتووە، هاودەم
من چەند ترسناکم، برادەر
من ئیدی بووم بەکارخانەی پیرکردنی ساتەکان، من چیم لێهاتووە!!

من چەند بەجێماوم ئەی نائاشنا
نە ئیمانداران لەترسی هەڕەشەکانی خودا ئاشناییم دەکەن
نە چرا بەدەستەکانی خاچی سور ڕووناکم دەکەنەوە
نە هاوڕێ مەستەکانم، مەستی خۆیان بە خەمێکم دەگۆڕنەوە
نەگۆرانیەک ئاوپرژێنم دەکا.
نەکەسێک لە دەرگەم دەدا
نەمن وزەی کوتینی دەرگەم پێێماوە.
چەند لەبیرکراوم ئەی نائاشنا
کە ئیدی هیچ هاوزەمانێک بەدڵ پێم ناڵێ "سڵاو".
من چیم لێهات ئەی دەم..
لەم ژاوەژاوەدا تەنیا من بێدەنگم
لەدەنگدانەوەی ئەم پێکەنینانەدا هەر من دڵمپڕە
لەم شکۆی شانازییەدا من چەند دۆڕاوم
لەم ڕەهایی خۆناسینەدا چەند ونم.
چەند تاریکم لەم جیهانە داگیرساوەدا، ئەی دەم، چەند تاریکم
من نیم لەم هەرای بوونەدا...
من جودایەکم بەجێماو، لەم نەبوونە بیرچووەدا.

ئەی وەخت
تۆ کە دەنگی بانگکردنی فریاڕەسێکت نییە، لەناو ئەم تۆڕە بە گوناهچنراوەدا...
تۆ کە برینێکت پێ ساڕێژ نابێت، لەم تێکشکانە دەستشکێنەدا...
تۆ کە ڕەشنوشێکت پێ پاکنوس ناکرێت، لەم والآیی بەجێمانەدا...
تۆ کە توانای داڕشتنەوەی ژیانی منت نییە، لە کۆڕی ئاخن ـ ی ئەم فەیلەسوف و پێغەمبەرانەدا...
بەچی دەچێ تۆ بگوزەرێی،، یان نەگوزەرێی؟
بەچی دەچێ ئەی خاترجەم..
کەمن تەنیا خۆمو پارچە شوشەکانی دڵم
خۆمو بزمارەکانی ناو سەرم
خۆمو جودایی خۆم...
توڕە لە ژیان،
پرژەی تەڕایی دەمم، دەپەڕێتە سەر ڕووخساری چەرخو پێیدەڵێم:
بوەستە ئەی دژ.

دەڵێم: من رژام،، ڕژام ئەی وەختم من ڕژام
جارێکیتر ئەستەمە کۆببمەوە.

ئەمە ئازاری منە
ئیدی من بووم بە سنورێ
هەموو دەمەوبەیانێک زوو،
دڕندەیی لەشکرێکم پیاتێدەپەڕێ
شوێنپێکانی لەهەڕەشەیەکی نوێ دەچن.
ئیدی من بووم بەسنورێ
نە درەختێکم تیادەڕوێ
نە ڕێبوارێک دێتو لە سەر گوێنییەگڵە هەڵچنراوەکانم پشوویەک دەدات.
سنورێکم لە نێوان بەرایی لەبیرچوونەوەو لێکخشانی کاروانەکانی زەمەن.
سنورێکم مینڕێژکراو بە پرسە،
پڕ لە گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو باڵە شکاوانەی دەرفەتی فڕینیان نەبوو.
لە گلێنەی ئەو چاوانەی ڕوانینیان بوو بە تەم.
لەو پەنجە وردیلانانەی،
فریانەکەوتن بۆ جارێک، یەک یەک بنوشتێنەوەو چەندئەستێرەیەک بژمێرن.

پڕم لە مەیت ئەی هاوزەمان
پڕم لە کۆتایی ونبوو
لە مەرگی بێ دواڕوانین
پڕم لە فریانەکەوتن.
سنورێکم..
هەرچۆنێک پیامداتێپەڕی
دەیان مستیلەو ملوانکەو پاوانەی زێڕین
بەبریسکەی کاڵەوە بەدوای هەنگاوەکانتا دەدرەوشێن.
ژێرخۆڵی هەرهەناسەیەکم بگەڕێ
سەدان گۆرانی لەبیرچوو هەڵدەگریتەوە، تائێستاش ئامادەن بۆ وتن.
ئەمە ئازاری منە...

ئەمە ژیانی منە...
ژیانی من تامێکە تفت،
کشانێکە ڕووەو ونبوون.
ژیانی من شتێکە لە دوورەوە جوانە.
ژیانی من ڕاکردنە لە خاویدا.
ژیانی من هەڵمی لوتی ئەسپێکە.
ژیانی من خەونێکە نایەتەدی.
ئەمە ئازاری منە...
ئازارە مرۆڤبوونی من.

ئازارە ئەی دەم
ئەم ڕۆژگارە پڕتاووتینەی، قەدەر بەدەنگی زوڵاڵەوە پێمدەڵێ:
زەوی هێندەی هێز پێماوە، تۆیش لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێو
دەمێکیدی لەیادەوەریدا بتسڕێتەوە.